پیاوێک ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، ئایا ئادەم پێغەمبەر بوو؟ فەرمووی: بەڵێ، ووتی: لە نێوان ئەو ونوح چەندێک بوو؟ فەرمووی: دە سەدە، ووتی: چەندێک لە نێوان نوح وئیبراهیم بوو؟ فەرمووی: دە سەدە، ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، ژمارەی پێغەمبەران چەندێک بوو؟ فەرمووی: سێ سەد وپانزە

لە ئەبی ئومامەی باهیلیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پیاوێک ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، ئایا ئادەم پێغەمبەر بوو؟ فەرمووی: «بەڵێ»، ووتی: لە نێوان ئەو ونوح چەندێک بوو؟ فەرمووی: «دە سەدە»، ووتی: چەندێک لە نێوان نوح وئیبراهیم بوو؟ فەرمووی: «دە سەدە»، ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، ژمارەی پێغەمبەران* چەندێک بوو؟ فەرمووی: «سێ سەد وپانزە». *(جیاوازی هەیە لە زمانی عەرەبیدا لە نێوان -نبي- و -رسول- فەرموودەکە ئاماژە بەوە دەکات کە ژمارەی -رسول-ەکان سێ سەد وپانزە بووە، بەڵام لە فەرموودەی تر هاتووە کە ژمارەی -نبي-یەکان بە هەزارەها بوون، وجیاوازی زۆر لە نێوان -نەبی:نبي- و -ڕەسول:رسول- باسکراوە کە لە زمانی کوردیدا بە هەردوویان دەڵێن: پێغەمبەر، جیاوازی زۆر لە نێوانیاندا باسکراوە بەڵام نزیکتریان لە پەسەندیەوە ئەوەیە کە پێشەوا ئیبن تەیمیە دەڵێت: ڕەسول بۆ خەڵکانێکی بێ باوەڕ وموشریک نێردرا بێت -یان شەریعەتێکی نوێی هێنا بێت- بەڵام نەبی بۆ خەڵکانێک نێردرا بێت کە باوەڕیان بە شەریعەتی ڕەسولەکە هەبووە بەڵام ئەو هاتووە بانگەوازی بکات وفێریان بکاتەوە وەکو نەبیەکانی بەنی ئیسرائیل)

[صەحیحە] [حاکم گێڕاویەتیەوە - طەبەرانی گێڕاویەتیەوە]

شیکردنەوەی فەرموودەکە: پیاوێک هات بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، ئایا ئادەم پێغەمبەر بوو؟ فەرمووی: بەڵێ، پێغەمبەر بوو. پاشان پرسیاری لێیکرد سەبارەت بە ماوەی نێوان ئەو وپێغەمبەر نوح -عليهم السلام-؟ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: ماوەی نێوان ئادەم ونوح دە سەدە بووە، پاشان پرسیاری لێیکرد سەبارەت بە ماوەی نێوان نوح وئیبراهیم -عليهم السلام-؟ -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: هەمان وەڵامی دایەوە؛ دە سەدە بوو، پاشان پرسیاری لێیکرد سەبارەت بە ژمارەی پێغەمبەران* (الرسل)؟ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: سێ سەد وپانزە پێغەمبەر -رسول- بوون. *(جیاوازی هەیە لە زمانی عەرەبیدا لە نێوان -نبي- و -رسول- فەرموودەکە ئاماژە بەوە دەکات کە ژمارەی -رسول-ەکان سێ سەد وپانزە بووە، بەڵام لە فەرموودەی تر هاتووە کە ژمارەی -نبي-یەکان بە هەزارەها بوون، وجیاوازی زۆر لە نێوان -نەبی:نبي- و -ڕەسول:رسول- باسکراوە کە لە زمانی کوردیدا بە هەردوویان دەڵێن: پێغەمبەر، جیاوازی زۆر لە نێوانیاندا باسکراوە بەڵام نزیکتریان لە پەسەندیەوە ئەوەیە کە پێشەوا ئیبن تەیمیە دەڵێت: ڕەسول بۆ خەڵکانێکی بێ باوەڕ وموشریک نێردرا بێت -یان شەریعەتێکی نوێی هێنا بێت- بەڵام نەبی بۆ خەڵکانێک نێردرا بێت کە باوەڕیان بە شەریعەتی ڕەسولەکە هەبووە بەڵام ئەو هاتووە بانگەوازی بکات وفێریان بکاتەوە وەکو نەبیەکانی بەنی ئیسرائیل)

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/10858